

# محەمەد شوکری: بێشەرمانە ئەنووسم، چونکە لە خێزانێکی نا بەڕێزم ...!!

## گفتوگۆیەك لەگەڵ (محەمەد شوکری) نووسەرە سالووکەکەی (تەنجە)

**سازدانی: شەربل داغر**

**لە عەرەبییەوە: محێدین مەحمود**

لە ناوەڕاستی هەشتاکانداو لەسەر ئەرکی خودی نووسەر لە شاری (دار البیضاء)ی (مەغریب)دا بۆ یەکەم جار کتێبی (نانی رووت)ەکەی محەمەد شوکری بڵاوکرایەوە... ئەمە پاش دە ساڵ لە بڵاوکردنەوەی بە زمانی ئینگلیزیو چەند ساڵێکیش بە زمانانی تردا بوو، ئەگەر کۆمەڵە چیرۆکی (مجنون الورد – شێتی گوڵ)ەکەی لەلایەن (دار الآداب)ی (بەیروت)دا بڵاونەدەکرا، ئەم نووسەرە هەر بەنیمچە ناسراوی لە وڵاتانی عەرەبدا دەمایەوە، چونکە خانەکانی چاپو بڵاوکردنەوەی کتێب بەو بیانووەی کە کتێبەکە (سێکس وروژێنە) رازی نەدەبوون چاپی بکەنو بڵاوی بکەنەوە. سەیر لەوەدا نییە کە (محەمەد شوکری) بەهۆی ئەم (قەدەغەکردنە ئەدەبییە)ی کە

کتێبەکانی گرتبووەوەو هەروا بەهۆی ڕەفتاری ڕۆژانەی وەک (سالوکێک لە تەنجە)داو بەهۆی چەندین هۆکاری تریش وا لە ناوبانگە ئەدەبییەکەی وای لێکرد لە قەوارەدا گەورەترو درەوشاوەتر بێت لە بەهای ئەدەبەکەی، کە لە بنەڕەتدا هەر نەناسراو بوو. (محەمەد شوکری) لە نووسینی عەرەبیدا جۆرێکی دەگمەنەو نووسەرە (بەڕێز)و (ڕێکوپێک)و (بەرپرسیار)ەکانمان زۆر کەم پەنا بۆ ئەم جۆرە نووسینە دەبەن، کە سەربوردەی ژیانی خودی هەژارێک کە وەک سڵقی رووتەو لە رەگوڕیشە هەڵکەنراوی ناو سەیرترین شاری عەرەبو لە هەر هەموویان کراوەتر کە (تەنجە)یەو گێڕانەوەی بێپەردەو راشکاوانەی چیرۆکگەلێک کە دەربارەی توێژە پەراوێزخراو و بێزراوەکانی ناو کۆمەڵگەکانی عەرەبن‌و بە ئازایەتیی کەسێکی وەک (محەمەد شوکری) کە لە بارودۆخێکی کلۆڵانەو خنکێنەردا فێری رووبەڕووبوونەوەی ژیان بووە.. (محەمەد شوکری) بەبێ شەرمو سڵکردنەوە دەستپێشکەرییەکەی خۆی لەسەر رووبەری نووسیندا پێشکەشکرد. هیچ ناکات تەنیا ئەوە نەبێ کە ئەوەی دەبێ‌و روودەدات دەخوێنێتەوەو بە زمانی (تەلگراف- بروسکەنامە)ی ناوزەد دەکات دەینووسێت. هەر ئەوەندەی مەبەستە کە ئەوەی لە گۆڕەپانی گێڕانەوەی عەرەبدا ئامادەکردنی قەدەغەیە ئامادە بکاتەوەو بەبێ هیچ ئاڵۆزییەک لە رستە یان لە شێوازدا. (شوکری) بە ئەنقەست نانووسێت، واتە بەسیفەتو بەهەڵبەستن‌و بەهونەر نواندن نەکەوتۆتە سەرباری نووسین، بەڵکو ژیانی خۆی بەرەو نووسینی پەلکێشکردبوو، لە (تەنجە)دا پێی گەیشتین. ئەو بۆ خۆی (مێژووە گەڕۆکەکەی تەنجەیە)و لە هەموو شتێکدا، هەر لە ژیان‌و گوزەرانەوە تا نووسین قەرزاری ئەم شارەیە.

***تۆ وەک زۆر باس دەکرێت دەربەدەر، سالووک، پەراوێزخراویت... وێنەیەکی گەورەکراوی تۆیە، چونکە تۆ ئێستا لە وێستگەی رادیۆدا کار دەکەیتو پێشتر مامۆستا بوویت... لە نێو ئەم وێنانەدا کامیان تۆیە؟**

-من لە کەسانی دی زیاتر خۆم دەناسم. لە راستیدا من بووم بە دیاردەیەکی ژیان‌و ئەوەی لە بارەی ژیانمەوە دەزانرێت زۆرجار بە شێوەیەکی گەورەکراو شێوێنراوە، زیاتر بەم شێوەیەی باستکرد ناسراوم، ژیانم لە نووسینەکانم بەناوبانگترە، بەڵام ئەو وێنەیەم کە لەنێو خەڵکیدا وەسفو وێنا دەکرێت هەندێجار هەڵەیە، چونکە من لە ژمارەیەک کاروباری ژیان‌و لە هەندێک بارودۆخدا پارێزگارم، من کەسێکی نمایشکار نیمو بۆ سەرنجڕاکێشانی خەڵکی بۆلای خۆم کاری گێلۆکانە ناکەم. کاتێک دەزانم هەندێک ئەدیبو رەخنەگرو رۆژنامەوان زیاتر بە دوای هەواڵەکانی ژیانم نەک هەواڵەکانی نووسینم وێڵن... زۆر پەست دەبم. من لیبۆک نیم، چونکە محەمەد شوکری لە پلەی یەکەمدا دەنووسێتو لە دووەمیاندا ئەو عەرەبەیە کە کاری گێلۆکانەی وا دەکات نووسەرە (بەڕێزەکانی) تری عەرەب نایکەن!.

***بەڵام بۆچی بێزاریت؟! ئەی ئەم نووسەرانە نابینی بەهۆی هەندێک پێویستی‌و مەبەست و گرێی خەفەکراو رووداوەکانی ژیانی تۆ گەورە دەکەن‌و دەگێڕنەوەو بەمە وائەزانن وا لە تۆ دەکەن ئەوەی بەخۆیان نەکرێ یان خوازیارن بیکەن تۆ بیکەیت؟.**

# من كەسێكی نمایشكار نیم و بۆ سەرنج راكێشانی خەڵكی بۆ لای خۆم كاری گێلۆكانە ناكەم

-بەڵـێ، بەڵام من نووسەرێكی راستگۆم، نمایشكردنو رۆڵ گۆڕینەوەم پێخۆش نییە. ئەوەی من دەینووسم ئەوەیە كە تیایدا دەژیم. بەختیار بووم. نووسەرێكی فەرەنسایی وتویەتی: (ئەوەی نازانێ چۆن بژی، مرۆڤێكە نازانێ چۆن بنووسێت) هەروا بەختیاریش بووم، چونكە ژیانێكی بە پیت ژیاوم، بەبێ ئاگایی، هەروا لە خۆوەو بەبێ ئەوەی چاوەڕێ بم رۆژێك لە رۆژان ببم بە نووسەر ژیاوم. چەندین نووسەری عەرەب ژیانێكی بە پیت تر لە ژیانم ژیاون، بەڵام لە گێڕانەوەی دەترسن، ئەوان لە هەموو شتێك دەترسن. من بە پێچەوانەی ئەوان، من لە خێزانێكی بەڕێز نیمو پێگەیەكی كۆمەڵایەتیی دیارم نییە كە بەهۆی ئەوەی لەناو كتێبەكانمدا نووسراوە زیانی پێبگەیەنم و ئەگەر كارێكی گێلانەم كردبێت ئەمە بەلای خێزانەكەم هیچ شتێك ناگەیەنێت. بەتایبەتی كە ئەم خێزانە خوێندنو نووسین نازانێت.

من لە رەگوڕیشە هەڵكێشراوم، من سڵ لە هیچ شتێك ناكەمو ناترسم. نووسەرانی عەرەب ناوێرن ژیانە بە پیتەكانیان بۆ ناو نووسینەكانیان بگوێزنەوەو بیانگێڕنەوە، بۆ نموونە نووسەرێكی وەك (حەننا مینا) ناوێرێ ئەو پیشە میللیو ساكارانە بگوێزێتەوەو بگێڕێتەوە كە سەردەمانێك بەرلەوەی ببێت بە نووسەر پیشەو كاری بوون.

***كەمجار نووسەرانی عەرەب «ئەمەشیان دروستە» سەربوردەی ژیانی خودی خۆیان دەنووسن.**

-ئەمانە بە شێوەیەكی بڕاوە سەربوردەی ژیانی خود نین، چونكە باس لە قۆناغو سەردەمی دیاریكراودا دەكەنو دەچنە ناو خانەی ئەو قۆناغو سەردەمە، ئەم جۆرە سەربوردەی ژیانی خودەم پێباشەو ئەمە جیاوازە لەو جۆرەیان كە نووسەر تیایدا ئیش لەسەر گێڕانەوەی چاوپێكەوتنو گفتوگۆكانی خۆی لەگەڵ كەسانێك دەكات كە لەماوەی ژیانی رۆشنبیریو ئەدەبیی خۆیدا بوون. من نووسینی سەربوردەی ژیانی خودی زیندووم پێباشترەو بە بۆچوونی خۆم هەندێجار لە رۆمانیش بەهادارترە، بەتایبەتی بۆ ئەو كەسانەی لەم سەردەمەدا كە راستگۆیی سەربوردەی ژیانی خودیان پێباشترە لە هەڵبەستراوی جوانو ئەفسوناویی ناو رۆماندا، چونكە سەربوردەی ژیانی خود بەڵگەنامەیەكی كۆمەڵاتییەو شایەتنامەی قۆناغێكی مێژووییە.

***بەڵام بەر لە هەموو شتێك شایەتییەكی مرۆڤانەیە؟**

-بەڵـێ، ئەو بۆ نموونە رەنگدانەوەی بارودۆخی ژیانو گوزەرانی كڵۆڵانەمە، جوانییەكەی لە دڵڕەقیی ژیاندا ئامادەیە بەرلەوەی لە جوانیی گێڕانەوەدا ئامادەبێت.

جارێكیان سێ رۆژی رەبەق بێ خۆراك مامەوە. لە نێوان پانزەو شانزە ساڵیی تەمەنمدا لەسەر شەقامەكانی (تەنجەد)دا ئەمسەرو ئەوسەرم دەكردو ناو كیسەی نایلۆنو خۆڵ و خاشاكو پاشەڕۆكەكاندا بۆ بەرماوەی خواردنو خۆراك دەگەڕامو وەك چۆلەكە چۆن دانی خۆی هەڵدەبژێرێ، ئاوەها خواردنی خۆمم لە نێویاندا هەڵدەبژارد.

***تۆ ئەدەبی خۆت بە جەستە، بە ژیانت زیاتر لەوەی بە قەڵەم نووسیوە؟**

-من هەموو ژیانی خۆمم نەنوسیوە، بەڵكو هەندێ بارودۆخو چیرۆكگەلێكم پێگەیاندوەو لە ئەدەبەكەمدا وەسفم كردوون.

لەلایەكی دییەوە ئەم بارودۆخانەم دەقاودەق نەگواستۆتەوە، بەڵكو لەگەڵ بارودۆخ و

من لە
خێزانێكی
بەڕێز نیمو
پێگەیەكی
كۆمەڵایەتیی
دیارم نییە
كە بەهۆی
ئەوەی لەناو
كتێبەكانمدا
نووسراوە
زیانی
پێبگەیەنمو
ئەگەر كارێكی
گێلانەم
كردبێت
ئەمە بەلای
خێزانەكەم
هیچ شتێك
ناگەیەنێت.
بەتایبەتی كە
ئەم خێزانە
خوێندنو
نووسین
نازانێت.

بیرۆکەگەلێکی تەواو جیاوازدا تێکەڵم کردوون. من مێژوونووس نیم، چونکە نووسینەکانم گەلێک ئەندێشەو پێشبینی دەگرنە خۆیان.

***تۆ نووسەرێکی ریالیزمیتو لە نێو وڵاتانی عەرەبدا کە دان بە ریالیزمدا دەنرێت وەک شێوازێک بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ واقیعداو ئەم واقیعە بەرزرادەگرن، بەڵام دەربارەی ئەم واقیعە تەنیا ئەدەبی ساختە بەرهەم دەهێنرێت!**

-گوێ بگرە، من کاتێک لەگەڵ ژنێکدا دادەنیشم کە لە رووی کۆمەڵاتییەوە رووخاوبێت رێزێکی زۆرم بەردەکەوێت، چونکە (بەرێزەکان)ی ناو کۆمەڵگەکانمان هیچ چیرۆکگەلێکیان پێ نییە بۆم بگێڕنەوە، هەروەها من بەهۆی ئەم ژنگەلە رووخاوانە ئاگادارو شارەزای بەشێک لە کارەساتەکانی کۆمەڵگەکەمان دەبم، چونکە لە رێگەی ئەم بێزلێکراوانە دەتوانم شارەزای بۆگەنی نێو کۆمەڵگەکەمان ببم، ئیتر ئایا ئەقڵ دەیگرێ دەربارەی ئەدەبەکەم —وەک ئەو بڵاوکارە لوبنانییە وتویەتی— بوترێ ئەدەبی (برۆنوگراف)ییە واتە بۆ هەوەس ورووژاندنو سێکسە!..

نووسینەکانم بەو مانایە ریالیزمین کە لە ژینگە کۆمەڵایەتییە تایبەتەکەمەوە دەست پێدەکەنو بەهەقایەتو چیرۆکەکانی توێژێکی کۆمەڵایەتیی دیاریکراو خەریک دەبن، کە توێژی هەموو بێزلێکراو پەراوێزخراوو نزمکراوو بوغزێنراو و سوکایەتی پێکراو و سۆزانییەکانە.

***ئەی پەیوەندیت بەم جیهانە چۆن گرێدەدەیت؟ وەک تێبینم کردووە نە رۆژنامە دەخوێنیتەوەو نە گوێ لە رادیۆ دەگریت.**

-گەلێک پەیوەندییم لە دەست داوە، چونکە دەفتەری رۆژمێریم پێ نییەو کاتێک پێم دەبێو تیایدا کاتی دیدارو ناونیشانی دۆستو ناسیاوەکانم تۆماردەکەم نایپارێزم، بەهۆی ئەمەوە وازم لە پیشەی مامۆستایی هێناو ئیتر کاتی نووستنو لەخەوهەستانم بە ئارەزووی خۆم دەبێ. لە هەموو ئەمانەدا جۆرێک لە بێهودەیی، لە رەتکردنەوە هەیە، چونکە من دەژیمو ناژیم، چێژ لە ژیان نابینم بەڵکو بەرگەی دەگرم، ئەگەر لەوە دڵنیام بکەیتەوە کە ژیانم لەسەر ئەم هەسارەیە هەزار ساڵ دەخایەنێت، پەیوەندیم بە جیهان رێکوپێک دەبوو، ئەگینا ئەم چەند ساڵە دیاریکراوانە هەرگیز بەشی هیچ ناکەن. سوپاس بۆ خوا کە نووسین هەیەو بەهۆیەوە دەتوانین ئەوە لە بیر خۆمان بەرینەوە کە بوون کورتەو بەرگەی ناگیرێتو لە چاوەڕوانیی دوا پەردەدا، تەنیا ماوەیەک بۆ سەر ئەم زەوییە لادەدەین.

***کەی دەستت بە نووسین کردو کەی دەستت بە خوێندنەوە کرد؟.**

-لە ژیانمدا زۆرجار رووبەڕووی هەندێ بەگژداهاتن دەبووم. لە یادمە جارێکیان لە چایخانەیەکدا لەگەڵ چوار کەسدا بوومو هەوڵم دا لە گفتوگۆیەکدا کە دەربارەی سیاسەتی (عەبدولناسر) بوو بەشداری بکەم، یەکێکیان —کە لەهەمووان زیاتر شارەزای خوێندنەوە بوو، واتە خوێندنەوەی رۆژنامەکان، پێی وتم: وس بە، تۆ نەخوێندەواریت. بۆ رۆژی دواتر بۆ کتێبخانەیەک چوومو بۆ فێربوونی خوێندنەوەو نووسین کتێبێکم کڕی. لە بیستو یەک ساڵی تەمەنمدا بووم. بە کتێبەکەوە بۆ چایخانەکە گەڕامەوەو بە

# من هەڵاتنم لە هەموو ژیانی خۆم جوان ئەکەم. من لە بوونم رازی نیم، رەشبینم و لە ناکۆکییەکانی ژیان پەستم

دوای کەسێکدا گەڕام فێری خوێندنەوەم بکات، بۆم دەرکەوت زۆرینەی نەفەرەکانی چایخانەکە نازانن بخوێننو بنووسن، تەنیا ئەو کەسە نەبێ کە پەیوەندیم لەگەڵیدا تێکچووبوو، پەیوەندیی برادەرایەتیم لەگەڵدا چاککردەوەو ئیتر ئەو دەستی گرتمو فێری سەرەتاکانی خوێندنەوەی کردم، پاش ئەوە بۆ (عەرائش) چوومو لەوێ بۆ ماوەی چوار ساڵ خەریکی خوێندن بووم.

پاش ئەوە توشی دووەم بەگژداهاتن بووم، لە شاری (تەتوان) بوو. تیایدا قوتابیی خانەی مامۆستایان بووم، رۆژانە لە چایخانەی (کۆنینتینتال) «هەمیشە چایخانەکان» دادەنیشتم. جگەرەم دەکێشا، دەمخواردەوە، بێدەنگ دەبوومو لەوێ تێبینیی کەسێکم کرد کە هەموو جارێک هەر کە پێی دەنێتە ناو چایخانەکە بایەخی پێدەدرێت. لە خزمەتکارەکەم پرسی وەڵامی دایەوە: ئەوە نووسەرە، ناوی (محەمەد سەبباغ)ە. بۆ کتێخانەکە چوومو هەموو کتێبەکانیم کڕی (چوار کتێبی قەوارە بچووک بوون). هەموویانم بە شەوێک خوێندەوەو لە بەیانیدا بە خۆمم وت «من دەتوانم ببم بە نووسەر». ئەوسا بۆم دەرکەوت کە نووسین دەستکەوتە. دەستکەوتێکی کۆمەڵایەتیە. کاتێک دەنوسیت خەڵکی بایەخت پێ ئەدەن. ئەمە خاڵی دەستپێکردنی نووسینمە کە لە سەرەتای شەستەکاندا بوو.

***ئێستا نووسین بەلای تۆوە چی ئەگەیەنێت؟.**

–ناڕەزایی دەربڕینە، هەروەک چۆن پزیشک ناڕەزایی لە نەخۆشی پارێزەریش لە ستەم دەردەبڕێ. منیش ناڕەزایی لەو هەڵانە دەردەبڕم کە لە جیهاندا روودەدەن.

***رووبەرووی هەردوو بەگژداهاتنەکە بوویتو هەردوو ئومێدی خۆتت بەدی هێنا. ئەی ئیتر بۆچی دەنوسیت؟.**

–تاکو ئومێدێکی نوێ بەدی بهێنم، هەموو ئەو شتانەی خەونم پێیانەوە دەبینی بەدیم هێناون، ئەو بەناوبانگبوونەی چاوم تێ بڕیبوو بەدیم هێناوە.

***ئایا بەناوبانگبوون، سێهەم ئومێدی تۆ نەبوو؟.**

–..........

***باسی لەدایکبوونو گەشەکردنی خۆتمان بۆ بکە؟**

–من لە دایکبووی ساڵی (١٩٣٥)م، لە گوندێکدا کە نایزانمو تەنیا درەختو وەرزەکانیم لە بیرماوە. گوندی (بەنی شیکر)ە، لەوەتی لەدایکبووم بۆی نەگەڕاوم.

***بۆچی؟ ئایا هەڵدێیت؟.**

–بەڵــێ، رەنگە رۆژێک لە رۆژان بۆلای بگەڕێمەوە مرۆڤ وەک جەنگاوەر وایە بۆ ئەو شوێنانە ناگەڕێتەوە، کە جەنگی تیایاندا کردووە، سەرکەوتووبێت یان بەزێنراو، شوێنم بۆ پێگەیەکی تر گواستۆتەوە. بەتایبەتی کە لە پێگەکانی پێشوومدا (بەزیوبووم).

***تۆ لە گوند هەڵاتنت دەکەیتە دیمەنێکی جوان؟!.**

–من هەڵاتنم لە هەموو ژیانی خۆم جوان ئەکەم. من لە بوونم رازی نیم، رەشبینمو لە ناکۆکییەکانی ژیان پەستم.

***بەڵام بووی بە ئەدیبێکی بەناوبانگ!!.**

–بەهەڵە.

***ئەمەیان چۆنە؟.**

–بەناوبانگبوون لەو شوێنەوە بۆم هات کە چاوەڕێی نەبووم. من چەندین رەشنووسی ئەدەبیم هەیە کە هێشتا بڵاونەکراونەتەوە. بە بۆچوونی خۆم لەو

کتێبەم کە منی ناساندووەو بەناوبانگی کردووم جوانترن، کتێبی (نانی رووت) تاوانێکی زۆری لێکردم، چونکە بەهۆی ئەوەوە ئەگەر لە ئایندەدا کتێب گەلێکی باشتریش چاپ بکەم، ئەو بەسەر وێنەی ئەدەبیمەوە هەر زاڵ ئەبێ. من زۆر لەوە پەستم کە خەڵکی بەو پێیە من بە ئەدیب دائەنێن کە ژیانێکی بەپیتو چڕو پڕ لە هەرا ژیاومو لە کتێبی (نانی رووت) تۆمارم کردووە. بەبێ ئەوەی تێبینی لایەنە نوێو جیاوازەکانی کارە ئەدەبییەکانی پاش ئەوم بکەن.

کتێبی (نانی رووت) رۆژ بە رۆژ دەمنووسی هەروەک چۆن نان دەخۆمو دەخۆمەوەو دەخەوم ئاوەهاو لە ماوەیەک کە لە دوو مانگ کەمتر بوو لە نووسینی بوومەوە، چونکە بە خۆمو (پۆل پاولز) کە دەستبەجێ بۆ ئینگلیزی وەردەگێڕا دەوتەوە. بەیانیان لاپەڕەکانم دەنووسیو ئەو ئێواران وەریدەگێڕان، کەواتە ئەوەی بەم ئاسانیو خێراییەم نوسیبوو بەناوبانگییەکی وەهای بۆم پەیداکرد کە لە پاش بڵاوکردنەوەی کارەکانی دیم کە پێیانەوە زیاتر ماندووبوومو بە نوێکاریی ئەدەبییان جیا دەکرێنەوە، ئەم بەناوبانگییەم بۆ پەیدا نەکرا، بگرە لێم تەرە بوو.

***بەڵام بەناوبانگبوونی (نانی رووت) چۆن لێک ئەدەیتەوە؟.**

–لە رۆژئاوادا بەهۆی حەزی شت زانینیانەو لە وڵاتانی عەرەبدا بەهۆی نەزانینیانەوەبوو، ئەویش چونکە لە رۆژئاوادا بایەخیان پێدابوو، ئەوان لە کاری نووسەرانمان تەنیا نووسینە رەوانبێژییەکان ئەزانن کە لە رووی زمانەوە زۆر لەخۆکردنیان تێدایەو هیچ بێ شەرمییەک یان راشکاوییەکیان تیادا نییەو کتێبەکە بۆ هەشت زمان وەرگێڕدرا، یەکەم جار بەزمانی ئینگلیزی چاپکراو پاش ئەوە بە زمانەکانی دی، فەرنسایيو ئیسپانی و ئیتالیایی و یۆگۆسلافیو هۆڵندایو پورتوگالیو گریک بە دوای یەکدا چاپکرا.

***بەڵام تۆ کە نەناسراو لە گوندێکەوە هاتووی کە نایزانیت بۆ ئەم بەناوبانگبوونە چۆن ئەڕوانیت؟.**

–ئێستا خەریکە بەناوبانگبوونم بۆ دەرئەکەوێت، ئەو داهێنان ئەکوژێت. (هەمنگوای) دەڵێت: ئەگەر پارەو سامان لە سەرەتای ژیانی ئەدەبیدا بۆ نووسەر هات، ئەو نووسەرەی بۆی دێت رووبەڕووی یەکێک لە دوو ئەگەر ئەبێت: یان داهێنەرێکی رەسەن دەبێ کە گوێ بە پارەو سامان نادات، یان نووسەرێکی ساختە کە بایەخ بە پارەو سامانەکە ئەداتو شکۆمەندییە ئەدەبییەکەی لەلای بچووک ئەبێتەوە.

***لە نێو ئەم دووانە تۆ کامیانیت؟.**

–نازانم، چەند ساڵێکە نەمنوسیوەو بەرلەوەی لە رێگەی ئەم کتێبە کە ئابڕومی برد بەناوبانگ بم، لەهەمانکاتدا لەوە دڵنیا نیم کە شتگەلێکی مەزنترو قوڵتر لەوەی نووسیومە بنووسم. نازانم، گرەو لەسەر ئایندەی ئەدەبیم ناکەمو بەڵێنی هیچ شتێک نادەمو رەنگە لێ بووبم، من ئەمەم بۆخۆم ناوێ. زۆر بەرز بۆ توانا ئەدەبییەکانم ناڕوانم، لە نێوان ساڵانی ١٩٦٦ — ١٩٧٣دا زیاتر لە دە کتێبم نووسیو پاش ئەوە وازم لە هەموو نوسینێک هێنا، بەردەوامبوون لە نووسیندا مانای نووسین نابەخشێت، زۆریو بۆریم مەبەست نییە، یان خۆم دەبەزێنم یان دەوەستم. نووسین فەرمانبەرێتییەک نییەو کاتێک وەها لێ دێت نووسەر دەڕوخێت،

نووسین میزاجەو دۆخێکی مرۆڤانەیە، من دژی ئەو نووسەرانەم کە لە پێنجی بەیانییەوە هەڵدەستن و لەسەر مێزی نووسین دائەنیشن. وەک ئەلبیرتۆ مۆرافیا یان هەمنگوای یان بیرناردشۆ.

من هیچ گرێبەستێکم لەگەڵ نووسیندا مۆرنەکردووە، نووسین وەک گۆشتی برژاو چۆن بۆ دەم دێت یان نایەت ئاوەهایە، ئەگەر هات بەخێر بێتو سەرچاوان، ئەگەر نەهات بۆ جاری دووەم چاوەڕێ ئەکەین. نووسین چاوەڕوانییە نەک ئامادەگی کردن، چونکە لە ئامادەگی کردندا ستەمێک دەکرێ، ئەبێ لە نووسین بگەڕێین وەک پاسارییەک یان پەپولەیەک یان وەک مێشێک بۆ خۆی بێت.

***ئەی کاتێک لەخۆباییبوون لە کەللەت ئەدات؟**

–ئەنووسم.

***بۆخۆی بەهێزترین چالاککەرەوەیە؟**

–ئەمە پرسیارێکی زۆر زیرەکانەیە، بەڵێ نووسین لەخۆباییبوونەو لە یادکردنەوەو بڵندبوونە، بەڵام لە خۆباییبوونێکی مرۆڤانەیە. خودێتییانە نییەو لە پێناوی ئەوەیە کە مرۆڤ گەشە بە چەمکە هەڵەکان بدات (١).

***ئەی ئێستا چی ئەنووسیت؟**

–نانووسم، تەنیا پینە ئەکەم، گەلێ کارم هەیە کە بواری بڵاوکردنەوەیان نییە، هەمیشە لە ماڵەوە لەلای منو هەندێ جار بۆیان دەگەڕێمەوەو چاوێک پیایاندا دەخشێنم یان وردەکارییان تێدا ئەکەم و بەسەر رۆمان و وتاری ئەدەبیو یاداشتنامە دابەش دەبن.

***بووی بە نیشانەیەک لە نیشانەکانی (تەنجە)، چ جۆرە پەیوەندییەکت لەگەڵدا هەیە؟**

– (تەنجە) شارێکی ئەفسانەییە، ناتوانم بەجێی بهێڵم، چونکە ئەو هەمیشە وەک ئەو جنۆکە ئەفسانەییە وایە کە هەمیشە (ئۆلیس) بانگ ئەکاتو فریوی ئەدات، شارێکی سەرپەڕە، دەستبەجێ یان لایەنگری ئەبیت یان بەجێی ئەهێڵێت. من لە هەموو شتێکدا بەناوە ئەدەبییەکەشمەوە قەرزاری ئەو شارەم، چونکە ئەو نەبوایە نەمدەنووسیو ئاشنای کەشوهەوا ئەدەبییەکان نەدەبووم، تیایدا دووەم لەدایکبوونی خۆمم بینییەوە. کە لەدایکبوونە راستەقینەکەیەو لەگەڵیدا کەوتمە دوناودونێکو ئیتر وام لێ هات لە ناوەوەی بمو ئەویش لە ناوەوەم بێت. نە مێژوو، نە ڕووداو لەیەکدی جیامان ناکەنەوە.

(تەنجە) شارێکی ئەفسانەییە، ناتوانم بەجێی بهێڵم، چونکە ئەو هەمیشە وەک ئەو جنۆکە ئەفسانەییە وایە کە هەمیشە (ئۆلیس) بانگ ئەکاتو فریوی ئەدات، شارێکی سەرپەڕە، دەستبەجێ یان لایەنگری ئەبیت یان بەجێی ئەهێڵێت. من لە هەموو شتێکدا بەناوە ئەدەبییەکەشمەوە قەرزاری ئەو شارەم، چونکە ئەو نەبوایە نەمدەنووسیو ئاشنای کەشوهەوا ئەدەبییەکان نەدەبووم، تیایدا دووەم لەدایکبوونی خۆمم بینییەوە

**تێبینی:**

ئەم بابەتە لە ژمارەیەک لە ژمارەکانی گۆڤاری (کل العرب) و لە ناوەڕاستی هەشتاکاندا بڵاوکراوەتەوە، بەڵام بەداخەوە ژمارەو بەرواری گۆڤارەکە بەو چەند لاپەڕەیە نییە، کە ئەم چاوپێکەوتنەی تیادا بڵاوکراوەتەوە.

**پەراوێز:**

(١).مەبەستی لە گەشەکردنی چەمکە هەڵەکان، گەیاندنیان بەو ئاستەی کە دەبێ بەناچارییەوە راست بکرێنەوە.